پارچەیەکی ئاڵتونیم لە ماڵەکەمدا بیر کەوتەوە؛ نەمویست سەرقاڵم بکات، بۆیە فەرمانم کرد بەوەی دابەشش بکرێت

لە عوقبەری کوڕی حاریسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لە پشتی پێغەمبەرەوە نوێژی عەسرم کرد -صلى الله عليه وسلم- لە مەدینەدا، سەلامی دایەوە و بەخێرایی هەستا، وڕیزەکانی خەڵکی تێپەڕاند وچوو بۆ ژووری یەکێک لە خێزانەکانی، وخەڵکی ترسان بەهۆی ئەم پەلەکردنەوە، دەرچوو بۆ لایان، وبینی خەڵکی ئەم خێرایی کردنەیان بەلاوە جێی سەرسوڕمانە، ئەویش فەرمووی: «پارچەیەکی ئاڵتونیم لە ماڵەکەمدا بیر کەوتەوە؛ نەمویست سەرقاڵم بکات، بۆیە فەرمانم کرد بەوەی دابەشش بکرێت (بکرێت بە خێر)». ولە گێڕانەوەیەکدا: «لە ماڵەوە پارچەیەکی ئاڵتونیم جێهێشت کە بۆ خێرکردن دانرا بوو، حەزم نەکرد بە درێژایی شەو لە لام بمێنێتەوە».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

عوقبەی کوڕی حاریس -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: جارێکیان لە پشتی پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- نوێژی عەسری کرد، وپاش نوێژەکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەخێرایی هەستا وڕیزەکانی خەڵکی تێپەڕاند وچوو بۆ ژووری یەکێک لە خێزانەکانی، وخەڵکی تووشی ترس بوون بەهۆی ئەمەوە؛ وپاشان دەرچوو وبینی خەڵکی تووشی سەرسوڕمان هاتوون بەهۆی ئەم پەلەکردنەوە، وئەویش هۆی ئەمەی بۆیان ڕوونکردەوە وپێیانی فەرموو کە هەندێک پارچە ئاڵتوونی بیر کەوتەوە کە دەبووایە دابەشش بکرێت لە خێردا؛ بۆیە بەپەلە چوو بۆ ئەوەی دابەشی بکات وحەزی نەکرد ئەمە وای لێبکات کە سەرقاڵ بێت لە پەرستن ویاد کردنی خوای گەورە -سبحانه وتعالى-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3483

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee